# دنیایەکی باشتر

## بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری

لەبلاوکراوەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

# *A Better World*

## Programme of the Worker-communist Party

"گۆڕینی جیهانو بەدیهێنانی دنیایەکی باشتر، بەدرێژایی مێژووی کۆمەڵگەی بەشەریی، ئاواتو ئامانجێکی هەمیشەیی ئینسانەکان بووە. سەرباری برەوی بیروباوەڕە قەدەریو خورافی‌یەکان، بەدینیو غەیرە دینی‌یەوە، تەنانەت لەدنیای بەناو مۆدێرنی ئەمڕۆشدا، کە هەریەکەیان بەجۆرێك جارٍ بۆ بێمەرهەمییو موقەددەربوونی هەلومەرجی زاڵ ئەدەن، ژیانی واقعیو کردەوەی ڕۆژانەی جەماوەری فراوانی خەڵك هەمیشە بەڵگەی ئومێدو باوەڕێکی قووڵە بەوەی کە ئایندەیەکی باشتر نەك هەر ئیمکانی هەیە بەڵکو حەتمی‌یشە. ئومێد بەوەی کە دنیای سبەینێ دەتوانێ لە بیبەشیو کویرەوەرییو کەموکوریو دزیوی‌یەکانی دنیای ئەمرۆ بیبەری بیت، باوەر بەوەی کە کردەوەی دەستەجەمعیو فەردیی ئەمرۆی ئینسانەکان، دەور دەگیرێ لە دیاریکردنی چۆنیتی دنیای سبەینێدا، مەیلیکی ریشەدارو بەهیزە لە کۆمەلگەدا کە ژیانو هەلسووکەوتی جەماوەری فراوانی خەلك ئاراستە دەکات.

کۆمۆنیزمی کریکاری بەرلە هەرشتیك سەرچاوەکەی بۆ ئیرە دەگەریتەوە، بۆ ئومیدو باوەری ئینسانە بێشومارەکانو وەچە یەك لەدوای یەکەکان بەوەی کە بنیاتنانی ئایندەیەکی باشتر، جیهانیکی باشتر، بەدەستی خودی ئینسان، زەروورییو مەیسەرە."

A Publication of the Worker- communist Party of Iraq

